## بەرەیەک بۆ چەپ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان

## وەڵامێک بە سیاسەتی ٣٣ ساڵەی وەحشیگەرانەی کۆماری ئیسلامیی لە کوردستان

**ڕێبوار ڕەشید**

پێویستیەکی تایبەت بە دووبارە وەبیرهێنانەوەی جیانەیەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران نییە کە لە ٣٣ ساڵی تەمەنییدا دەیسەلمێنێت هەمیشە لە مێژوودا ئەگەری هاتنەسەرکاری ڕژیمێکی کۆنەپەرست و زەبرگیر شتێکە دەبێت حیسابی بۆ بکرێت. زیانی گەورە و گرانی ئەم ٣٣ ساڵە و زیانەخرۆیی ئەم ڕژیمە لە دونیا ئاشکرایە. ئەم راستییە بەرامبەر ئەرکێکی سیاسیی بەرپرسیار ڕامان دەگرێت کە بە شێکە لە وەڵامدانەوەیەکی دروست بە کۆماری ئیسلامیی و بە داڕشتنی ئەڵتەرناتیڤێکی سیاسیی.
سەرئەنجامی تا ئێستای ئەوی پێی دەگوترێت "بەهاری عەرەبیی" لانی کەم دەتوانێت شتێک فێری هەموو ئەوانەمان بکات کە دەمانەوێت بە جیددیی مامەڵە لەگەڵ مرۆڤ و سیاسەتدا بکەین. ئەویش ئەوەیە کە تەنها بە پاک بوون و بە دڵسۆزیی ناتوانرێت بزووتنەوەیەکی جەماوەریی بەرەو سەرکەوتن ببردرێت. نزیکەی ٣٣ ساڵ لەمەوبەر ئێران بە ئەزموونێکی لەو چەشنەی "بەهاری عەرەبیی" دا تێپەڕبوو کە لە بەرهۆگەلێکی بەرچاو مەخابن ئەوەی لێکەوتەوە کە ئێستا باسی قسەمانە.

لە فەزای خەفەقان و دیکتاتۆریی و داگیرکەرییدا هەمیشە جەماوەر و کۆروکۆمەڵی خەڵک بیر لە ئازادیی و ڕزگاریی دەکەنەوە و لە هەل و دەرفەت دەگەڕێن سوودی لێوەربگرن. هەر لەبەرئەوە گیان لەسەردەست و ناچاوەڕێ بە پاداشتێک بە هەزاران و دەیان هەزاران دەڕژێنە ناو کوچە تەنگەبەرەکان و بەرەو شەقامەفراوانەکانی ناوەند و دەسەڵات ڕێدەڕێون و زنجیرێک لە شەپۆلی هێرش و قەڵایەک لە بەرەنگاربوونەوە هەڵ دەچنن. تیرەبارانی سەر و خواری دەسەڵاتداران چۆک بە جەماوەری ئازادیخواز دانادات و لە سەر جەستەی خۆێنداچۆڕاوی خۆیان سەنگەر دەبەستن.

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم ڕاستیە حاشاهەڵنەگرە لانی کەم لە مێژووی تەمەنماندا شاهیدی شکست و قەڵاچووی دەیان لەم بزووتنە جەماوەریانەین. هەروەها دەبینین کە پاش ساڵ و ساڵان دووبارە لایەنانی ئەو دەم بەشداری سیاسیی لە پۆلەمیکی منداڵانە و ڕۆمانسیانەدا، دوور لە خۆرەخنەکردن، لە گۆشەگیریی خۆپەڕاندنەوە و تاوانبارکردنی ئەوانی دیکەدا، ئەو دۆراندنانە لێک دەدەنەوە و فەزایەک لە ئەجیتاسیۆنی ناپێویست ساز دەکەن کە هیچ خزمەتێک بە باسە ئەسڵەکە ناکات.

ڕابەرایەتیەکی سیاسی دەبێت نەخشەرێگایەکی ڕوون و سەردەمیانە بخاتە بەردەست، و بەرپرسیاریەتیە سەرەکیەکان و ئەرک و ڕاپەڕاندنە سەرەکیەکان بخاتە بەردەست، و زەمینەسازیی بۆ هەرچی زیاتر تاوتوێکردنی ئەو پرسانە فەراهەم بکات و دەرگای گفوتگۆ و دیالۆگ لە فەزای تەواو ئازاددا بخاتە سەر پشت.

ئەگەر ئێمە بمانەوێت کۆمەکێکی دروست بە ئاییندەی گەلانی ئێران بکەین، دەبێت پێش هەر شتێک بتوانین دۆخێکی خۆراگری ئاشتیی و سەقامگیر لە کوردستان فەراهەم بکەین. وەڵامێکی لەو جۆرە پێشمەرجی هەبوونی بەرەیەکی هاورا لە کوردستان دەسەلمێنێت. بەرەیەک کە پابەندی سەقامگیرکردن و سەرخستنی چەند خاڵێکی وەکو ئەمانەی خوارەوە بێت:

١. چۆنیەتی بەرێوەبردنی کوردستان لە ٦ بۆ ١٢ مانگێک تا سازدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد. بۆ نموونە چارەسەرکردنی کێشەی "چیمان دەوێت" لە ڕێگای ڕیفەراندۆمێکەوە کە لە کوردستاندا بکرێت و خەڵکی کوردستان، دوور لە فشار، چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن.
٢. ئامادەکردنی زەمینە بۆ سازدانی هەڵبژاردنی ئازاد کە حکومەتێکی براوە لە کوردستان بە پێی پرینسیپی هەڵبژاردن کار بگرێتە دەست، و کە هەموو پێکەوە سەقامگیریی و ئاساییش بچەسپێنین.
٣. ئامادەکردنی کۆمەڵایەتیانە و دەروونیانەی خەڵک کە نەکەونە ناو تۆڵەسەندنەوەی شەخسیی و گروپگەریی و کردنی کاری دیکەی نایاسایی کە ژیانی تاکەکەس و خەڵک بخاتە مەترسیەوە.
٤. پشت بەستن بە ڕاپرسیی گشتیی (ریفەراندۆم) بۆ هەندێک کێشەی دیکەش کە لە بواری جیاوازدا گشتگیر بێت.

خوێنەر ئاگادارە ئەم باسە، سەرەڕای گرینگیی و بە بایەخیشی، باسی بەرەیەکی گشتییە لە کوردستان کە تا ئێستا لە بەر هۆگەلێکی نائاشکرا و ناڕوون نەبووە بە جێی باسی جیددیی. بەرەیەکی وا لەو جۆرە لە

سەر ئاستی ئێران تەواو زەحمەتە (کە باسی ئێرە نییە) و لە سەر ئاستی کوردستانیش دژوار و سەختە. لەبەرئەوە ئەم وتارە تایبەت بە جۆریکی دیکە لە بەرەیە و لە سەر ئاستێکی دیکە لە بەرە دەدوێت.

ئەو بەرەیەی لێرەدا مەبەستمە بەرەیەکە کە بتوانێت چەپ و دیموکراسیخوازان لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کۆ بکاتەوە. بە وشەی "چەپ" مەبەست لە هەموو ئەوانەیە، بە ڕێکخراوە و تاکەکەسانیشەوە، کە لە پرۆگرامی سیاسییدا دەکەونە چەپەوە و کە مەرجگەلی بەرەیەکی لەو جۆرە بە پێی پرینسیی دیموکراسیی پەسەند دەکەن. بە وشەی "دیموکراسیخوازان" مەبەست لە هەموو ئەوانەیە، بە ڕێکخراوە و تاکەکەسانیشەوە، کە دەتوانن لە چوارچێوەی مەرجگەلی بەرەیەکی لەو جۆرەدا کار بکەن.

پێویستیی پێکهێنانی بەرەیەک بۆ چەپ و بۆ هێزگەلی دیموکراسیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو پەڕییدایە ئەگەر خواست و ویستی سیاسیی ئامادە بێت و پێشدەستیی خۆی بنوێنێت. گرینگترین هەویری ئەو بەرەیە هەبوونی کەسانی دڵسۆز و چالاکن، دیارە تا خاوەن ئەزموون و تێگەیشتنی فرەلایەن بن باشتر.

من پێموایە لەو بەرەیەدا باڵە کوردستانیەکەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، واتە "سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" (کۆمەڵە)، "ڕەوتی سۆسیالیستی کۆمەڵە"، "کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان" و "کۆمەڵە – پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان" دەبێت بتوانن جێ بگرن. ئەو لایەنانە دەتوانن بەرنامەیەکی هاوبەش بە پلەی یەکەم لە شێوەی ئەو خاڵانەی سەرێ، و بە پلەی دووهەم وردتر و روونتر بخەنە بەر دەستی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان. لەم بەرەیەدا ڕێکخراوەی دیکە کە خۆیان لە چوارچێوەیەکی وادا دەبیننەوە، واتە "چەپی کورد یان/و جەپی کوردستانیی" هەروەها ئەو تاکەکەسانە کە دیموکراسیخواز و چەپی ناحیزبیین و دەخوازن، بۆیان هەبێت هاومەرج و هاوئەرک و هاوماف بەشدار بن.

خوێنەر تێبینی بکات کە لێرەدا باس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، نەک لە ئێران، چون رێکخراوەگەلی چالاک لە کوردستان توانای سازمانییان لە ئاستێکدا نییە بتوانن نوێنەرایەتی خەڵکی "ئێران" بکەن. هەروەها خواست و ویستێکی سیاسیی لەو شێوە لە ئارادا نییە.

قسەی تێدا نییە ئەو بەرەیە دەتوانێت خزمەتی زۆر بەرچاو بە خەباتی ئازادیخوازانە و پێشکەوتووخوازانەی خەڵکی کوردستان بکات، (دڵنیام دوور لە هەر جۆرە دەستتێوەردانێکیش، قازانجی بۆ سەقامگیرکردنی دەستکەوتەکانی باشوور و خەباتی ئازادیخوازانەی باکووری کوردستان دەبێت) بەم دەلیلانەی خوارەوە:

١. دەتوانین ڕوونی بکەینەوە "کۆمەڵە" لە پرۆسەیەکی لانی کەم ٣٠ ساڵەدا  لە حیزبێکی چەپی گشتگیرەوە وردە وردە خەتی دیکەی ئایدیۆلۆژی هەڵگرتووە، و کە سەرەڕای جیاوازیی ئایدیۆلۆژیی و بۆچوونگەلی سیاسیی جیاواز کە لە پرۆسەیەکدا پەیدابوون، دەتوانن هەموو پێکەوە خزمەت بە بزووتنەوەی بەرابەرخوازیی و پێشکەوتووخوازیی و دادوەریی کۆمەڵایەتیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن. بە ڕای من ئەمە کۆتایی بە سیاسەتی ئوسوڵگەرایی و سونەتگەرایی لەوەدا دەهێنێت کە پێی دەگوترێت "کۆمەڵە"و لە ئاستێکی شایانباسدا هەوادارن و لایەنگران و ئەندامانی دڵسۆزی "کۆمەڵەکان" لە سەرئێشەی "کام لە پێشدا هاتووە، مریشک یان هێلکە" ڕزگار دەکات و سەرلەنوێ ئینەرژیەکی پۆزەتیڤیان پێ دەبەخشێت کە بتوانن وەکو جاران دڵسۆزانە و بوێرانە و پشتبەخۆبەستوو بکەونە کۆڕی خەباتەوە. کردنەوەی دەرووازەیەکی لەم چەشنە خەباتگێرانی دێرینی کۆمەڵە لە توورەیی ئایدیۆلۆژیی و لە تیئۆری کۆنسپیراسیۆن ڕزگار دەکات و پەڕەیەکی نوێ بۆ بیری نوێ و بۆ هەنگاوی نوێ فەراهەم دەکات. قبوڵکردنی "کۆمەڵەکان" بە ڕەسمیی و لە بەرەیەکی وادا هەمووان دەخاتە قۆناخێکی نوێ بۆ کاری هاوبەش و بۆ کۆکردنەوەی خەرمانێک لە بەرهەم کە ڕۆژانە لە کیسمان چوون و دەچن.

بەم کارە فەزایەکی دیموکراسیی فەراهەم دەکەین کە تاکەکەسەکان بتوانن ئازادانە خەتی سیاسیی هەڵبژێرن، نەک ناچار بە "لایەنگریی" بکرێن. من پێموایە لەم ڕووەوە هەمووان بە تایبەتیی بە مێژوو قەرزدارن.

هەروەها دەرفەتێکی مێژوویی بۆ هەموو ئەو بەڕێزانە دەڕەخسێنێت کە ژمارەیەکی بەرچاو لە خەباتگێرانی دێرینن و کە ئێستا بە مانای توخن نەکەوتن لە هیچ کۆمەڵەیەک حیزبایەتی ناکەن، کە بێن و بە جیددیتر لەو ئەڵتەرناتیڤانە پڕووانن کە هەن و ڕێگا بە خۆیان بدەن لە خەتێکدا کە پێیان وایە دروستە ڕۆڵی خۆیان بگێڕن.

٢. ئەگەر "کۆمەڵە/ کۆمەڵەبوون" ڕێکخراوە و جۆرێک لە مرۆڤ بێت کە لە لایەکەوە خەبات بۆ وەدەستهێنانی خەڵکی کوردستان بێت بۆ وەرگرتنی مافی بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆی و بۆ وەدەستهێنانی هەرچی زیاترە لە مافی دادوەریی کۆمەڵایەتیی تا بە ئەوپەڕی قۆناخی کۆمۆنیزم دەگات، دەبێت (بە حوکمی ئەو پێداگرتنە) کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش لە نێوانماندا هەبێت کە بتوانین لە پلاتفۆرمێکدا لەسەر ئامانجی کورت و درێژخایان، میکانیزمگەلی پێویست و شێوەی ڕاپەڕاندنیان بە کردەوە ڕێک بکەوین.

٣. کاتێک بەلامانەوە گرینگە کە دەسەڵات لە خەڵکەوە سەرچاوە بگرێت، کەواتە دەتوانین "ڕیفەراندۆم/ راپرسیی گشتیی" لە ناو کوردستان و بۆ خەڵکی کوردستان بکەین بە پرۆژەیەک و تەنانەت بە پەروەردەی سیاسییش، بە شێوەیەک کە بۆ بڕیاردان لە سەر پرسی دیکەیش خەڵکی کوردستان سوودی لێوەربگرێت.

٤. پێکەوە دەتوانین هەوڵ بۆ بردنەوەی دەسەڵات و درێژەدان بە هاوپەیمانیەکی سیاسیی بە پێی ئەو ئەجێندایانەی ئەو کاتە جێی بایەخ دەبن، بدەین. هاوپەیمانیەکی لەو جۆرە دەبێت بە پاڵپشتی لایەنگەلی دیکەی دیموکراسیخواز و مافخواز لە جۆری فێمێنیستیی و هتاد، و بەهێزیان دەکات. لە درێژاخایاندا دەیانکات بە پاڵپشتی خۆی و بە بەشێک لە بزووتنەوەیەکی دیموکراسیخواز و ئاشتیخواز. ئێمە دەبێت لە پراکتیکدا بیسەلمێنین کە فەزای ئارام و ئاسایش و ئاشتییمان پێ هەڵدەسوورێت و دەتوانین دەستکەوت لە یەکەوە بۆ سەرەوە کۆبکەینەوە.

٥. لە رەقابەتێکی سیاسییانەی مۆدێرن و دۆستانە و هاورێیانەدا گەشە دەکەین و پاوانخوازیی لە گۆرەپانێکی ئازادی بیروهزردا جڵەو دەکەین. تاکەکەس دەرفەتی بۆ ساز دەبێت، دوور لە شێوەگەلی فشار، بتوانێت ئەڵتەرناتیڤی سیاسیی خۆی هەڵبژێرێت و وەکو مافێکی مرۆڤیانە و سیاسیانەی خۆی، تەنانەت جێگۆرکێی حیزبیش بکات، بێ ئەوەی لە ژێر هەڕەشە و گوشاری جۆرەکانی بیروباوەڕی ئەبسولیتیزم و ئۆرتۆدۆکسییدا بێت، و بێ ئەوەی دووچاری ویژدان ناڕەحەتیی و فشاری دەروونی بکرێت و بە "پەیمانشکێن" ناوزەند بکرێت. من پێموایە بە مێژوو و بە هەزاران لە گیانی پاک قەرزدارین کە نەک هەر "کۆمەڵەبوون" بەڵکو هەموو شێوەکانی دیکەی حیزبایەتی و بیری ئایدیۆلۆژیی لە فەزای تەڵاق و سوێند و کوردەناموسیی بهێنینە دەر.

٦. کاتێک ئێمە دەڵێین کە دەبێت سیاسەت لە ژووری داخراو و لە نهێنیگەریی و تەلیسمگەرایی بهێنینە دەر و بیخەینە بەر ڕۆشنایيەکی بەرچاو، ئەی لە سەر چی راوەستاوین و بۆ هەر ئێستا ئامادە نیین قسەوباسەکان بخەینە ناو فەزای سیمینار و کۆر و میتینگی جەماوەرییەوە؟ ئەوانەی شێوەیەک لە مۆری "چەپبوون" لە خۆیان دەدەن، دەبێت ڕاشکاوتر و کۆنکرێتتر و زوڵالتر بکەونە مەیدانەوە. ئەگەر بورژوازیی بە مانای کۆشکنشنینیی بێت، ناکرێت ئێمە سیاسەت لە ناو قەڵاکاندا بهێڵینەوە.

٧. لە بەرەیەکی لەو جۆرەدا لە پراکتیکدا فێری مەشقی سیاسیی دەبین و هاودەمیی یەکترمان دەبێت کاتێک لە کردەوەدا دەکەوینە ناو هەزارەی داواکاریی و پێویستیی و توانا جیاوازەکانی ئابووریی و تەکنیکیی و مرۆڤیی و هتاد. لەگەڵ ئەوەیشدا کە ئامانجی دوورخایانمان جیاوازە، بەڵام ئیمکانی نییە بە ئامانجە نزیکە هاوبەشەکانمان بگەین ئەگەر توانا و وزە و تاقەتمان نەکەین بە یەک. ئەوە ئاییندەبینییەکە کە هەر جۆرێک لە چەپ و لە دیموکراسیخواز و مافخوازی کوردستان نابێت فەرامۆشی بکات.

٨. ئێمە ئەم کارە ئەنجام بدەین یان نا، جێی بەرەیەکی چەپ و دیموکراسیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ئەو کاتەی دروست دەبێت خاڵیی دەبێت. ئەزموونی سیاسیی و دەستکەوتی سیاسیی باش، زیاتر توانا و ئێنەرژی پەیدا دەکات. هەموو جۆرە هەوڵێکی ئێمە پەنجەرەیەکی نوێ لە سەر شێوەی لەو کارە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و لە کوردستانێکی سەراسەردا دەخاتە کار.

٩. ئاییندەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خودی کوردستان و ناوچەکە بە ئاڵۆزییەکی سەختدا دەرباز دەبێت، هەتا زیاتر نزیک بین و توانای راوێژ و لێکۆڵینەوە و شیرۆڤە و ئامانج دیاریکردنمان پێکەوە بخەینە کار، باشتر دەتوانین ئەڵتەرناتیڤی سیاسیی بخەینە بەر دەست. ئێوە دەزانن گرنگترین کار لە ڕۆژەڤی سیاسییدا فەراهەمکردنی ئەڵتەرناتیڤی دروست و بەکارە. ئێوە هەروەها دەزانن کە ئێمە لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و دیموکراسیخوازانەماندا ئەرکی سەرشانمانە سەدەی بیستویەک بکەین بە سەدەی بە سیاسەتکردنی کۆمەڵگا و تێوەردانی تەواوی کۆمەڵگا لە سیاسەت و لە پرسی دەسەڵات.

١٠. ئێمە هەموو داواکاری جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت لە یەکتر هەین و پلانمان بۆ بەهێزکردنی کەرتی گشتیی (کەرتی دەوڵەتیی) و بەپیشەسازیکردن و سەرسەوزکردنی ژینگەی کوردستان و سەرخستنی مافەکانی ژنان و بەرابەریی و چینایەتیین (هەروەها خاڵگەلی دیکەی بێئەژمار). ئێمە باش دەزانین کە بە تەنیا و لێرەولەوێ لە تواناماندا نابێت وەڵامی شایانباس بەو پرسانە بدەینەوە.

هاورێیان و دڵسۆزان لە جۆرەکانی چەپ و لە دیموکراسیخوازان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان،

پرسەکان بەئەژمارن، یەکێک لەوانە ئەوەیە کە ئێمە چ چاوەڕووانیی و داواکارییگەلێکمان لە خۆمان هەیە و بە چەند و بە چی ڕازین و بە چ شێوەیەک گەرەکمانە وەڵام بە مێژوو بدەینەوە.

بە ڕای من، کە دیارە دەتوانێت رازی کۆمەڵێکی زۆر لە هاورێیان و دۆستان بێت، وەڵامی دروست بە کارەساتی ٢٨ گەلاوێژ، سازکردنی بەرەیەکی لەو جۆرەیە کە هەرچی زووتر و دڵسۆزانەتر و بە دەستوبردتر بکەوینە فەراهەمکردنیەوە، باشتر و سەقامگیرتر دەچینە دڵی زۆرینەی چەوساوە و ستەمدیدانەوە و بە هێز و توانای هەمووومان ئەڵتەرناتیڤێکی خۆگر و خۆراگر دەخەینە بەردەست و دەبین بە جێ متمانەی خەڵکێکی بەئەژمار کە هەر ئێستا چاویان لە سەرمان و لە ڕێمانە.

هاورێیان، ئەو رێگایە بۆ ئەوە لێ نادەین بە تەنها بەوانە تایبەت بێت کە بە شێوەیەک خۆ لە "کۆمەڵەیەکدا" دەبیننەوە یان دیوەتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی "کۆمەڵە" لە پرۆسەیەکی لەو جۆرە بکەین بە سفرەیەکی رەنگین بۆ هەموو ئەوانەی لە بەری چەپ و دیموکراسیی و ئاشتیخوازییدا دەیانەوێت بە پێی توانا و تاقەت و حەوسەڵەی خۆیان کۆمەکێک بەو خەباتە بکەن کە هەر ئێستا خەڵک لە کوردستان و لە بەشێکی گەورەی دونیادا پێویستیانە.

هاورێیان، هەموو ئەوانەی خۆیان لەو چوارچێوەدا دەبیننەوە بە خەبات و ڕەنج و بە مێژووویەک لە خۆراگریی و خۆبەخشیی قەرزدارن و بە وەڵامی دروست بەرپرسیارن.

بە هیوای وەڵامی ڕاشکاو و پرسیاری گران لە دڵسۆزانی کۆمەڵە و لە هەرچی جۆرە لە چەپ و لە هێزی دیموکراسیی و پێشکەوتووخواز.

سەرکەوتوو بن!

**تێبینی:** خوێنەر بێگومان پرسیار دەکات کە بۆ ناوی "کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران" ـم نەبردووە. وەڵامی من ئەوەیە کە سەرەڕای هەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسانی دڵسۆز و زەرەرکێکەوتوو لەو حیزبەدا، بەداخەوە لە تاقیکردنەوەی ڕابردوودا دەرکەوتووە کە ڕابەرایەتی ئەو تەشکیلاتە پەنای بۆ بەکارهێنانی هەڕەشە و گورەشە و کەسایەتی شکاندن و کارگەلی فرە ناشیرینی لەو جۆرە بردووە. ڕابەرایەتی ئەو تەشکیلاتە بە ئاشکرا لەگەڵ سەڵتەنەتەڵەب و ئیسلاحخوازان و سەوزەکان لە مامەڵەدا بووە کە ناکرێت لە بەرەیەکدا جێی متمانە بێت، و بە کەسانی وەکو نوریزادەکان و سازگارەکان و لە گەڵ پاسدار و مەئمورانی ئیتالاعت دانیشتنی کردووە و دەیکات. هەموو ئەمانە لە ژووری داخراودا کراون و کە دیارە ئەوەیش لە سەر ئاستی خانەوادە دەکرێت و کراوە. بەو شێوەیە لە ڕاستییدا تەنانەت ئەندامانی رێکخراوەکە خۆشیان نازانن چی گوتراوە وچی دەگوترێت و مامەڵە لە سەر چییە. بە ڕای من هەتا ئەو تەشکیلاتە لانی کەم لەو خاڵانەدا کە پێوەندیی بە لایەنەکانی دیکەوە هەیە بە تەواوەتی شەفاف نەبێت، ئەوا بەشداربوونی دەتوانێت زیانی گەورە بە بناخە و ساختاری دیموکراسیانە و ئازادیخوازانەی بەرەیەکی لەو جۆرە بگەیەنێت. بەو شێوەیە من پێموایە بڕیار لە دەست ئەندامانی دڵسۆز، بەڵام بەجەرگ و بوێردایە کە هەوڵبدەن رابەرایەتیەکی وا هەڵبژێرن کە حیزبەکەیان بتوانێت شایستە بە ئەندامبوون لە بەرەیەکی لەو جۆرەدا بێت.
بەو هیوایەی هاورێیانی دڵسۆز، بەڵام بەجەرگ و بوێری ناو "کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران" خۆ لەو قەیرانە چارەنووسازە و گەلێک کەموکورتی دیکە ڕزگار بکەن کە دیارە زیاتر کاروباری ناوخۆی خۆیانە، و خۆیان لە ئاییندەی بەرپرسیارن.

٢٠١٢/٣/١٨